# هێزە نهێنیەکانی پێشووی ئسرائیل 'مەشق بە کوردەکان دەکەن لە عێراق'

نووسینی: کۆناڵ ئورگهارت لە تەلئەڤیف و مایکڵ هاوەرد لە سلێمانی[i]

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: بەختیار کەریم

کۆمپانیا ئیسرائیلیەکان مەشقی سەربازی و چالاکی بازرگانی ئەنجامدەدەن لە ناوچە کوردیەکانی عێراق، بەپێی ڕاپۆرتێک لە ڕۆژنامەیەکی ئیسرائیلی. "یەدیۆس ئەحرانۆت"[ii] دوێنێ ڕایگەیاند کە چەندین ئەندامی پێشووی دەستەبژێری ئیسرائیلی و هێزی نهێنی خەریکی مەشق کردنن بە جەنگاوەرانی کورد لە تەکنیکی دژە-تیرۆردا.

کۆمپانیای دیکە، بەپێی ڕۆژمانەکە، بەشدارن لە پرۆژەکانی هێڵی پەیوەندی و لە بواری ژێرخاندا لەوێنەی دروستکردنی فرگە لە هەولێر.

عێراق و ئیسرائیل بە فەرمی هێشتا لە شەڕدان، ئەگەرچی لە شەستەکانەوە ئیسرائیل و کوردەکانی عێراق پەیوەندیان هەیە. گووتەبێژێکی وەزارەتی دەرەوەی ئیسرائیل گووتی کە وڵاتەکی هیچ پەیوەندیەکی لەگەڵ عێراقی نوێدا نیە هەروەها هێشتا "لە شەڕدان".

ڕاپۆرتەکە شوێنپێی ئەو ڕاپۆرتە چڕەی ساڵی پار هەڵدەگرێت لە نیویۆرکە (the New Yorker) کە گووتی کە ئیسرائیل لە ساڵی 2003 وە بە چڕی لەگەڵ کوردەکاندا پەیوەندی دروست کردوە. هەروەها پێشنیاری ئەوەی کردبوو کە ئیسرائیل بەرژەوەندی ستراتیژی هەیە لە پشتگیری هێزە کوردیەکان، وەک هێزی هاوسەنگ لە بەرامبەر گروپی شیعە و سوننە لە عێراقدا. هەروەها تێوەگلان لە ناوچەکە دەرفەتێکی باشتری بەخشی بە ئیسرائیل بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر سوریا و ئێران، بەتایبەتی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران.

ئیسرائیل پاڵپشتی شۆڕشی کوردەکانی کرد لە دژی ڕژێمی بەعس لە بەغداد تا ساڵی 1975. کوردەکان کە موسوڵمان، هەرگیز دژە-ئیسرائیلی نەبوون هێندەی زۆربەی موسوڵمانانی وڵاتانی دیکە. چونکە هەست دەکەن کە لەلایەن عەرەبی سوننەوە چەوسێنراونەتەوە هەروەها ناڕازی بوون لە پشتگیری یاسر عەرەفات بۆ سەدام.

گووتەبێژێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گووتی: "پێدەچێت کەسانێک کە هەڵگری پاسپۆرتی ئیسرائیلین سەردان بکەن. چەندین جولەکەی خەڵکی کوردستان ئێستا نیشتەجێی ئیسرائیلن. ئێمە هەڵاواردن ناکەین لەنێوان هاوڵاتی هەر وڵاتێکدا کە بخوازێت....کار بکات لە کوردستان، بەڵام پەیوەندیی فەرمیمان نیە."

ئیسرائیل ناتوانێت بە فەرمی دان بنێت بە تێوەگلانی خۆیدا لە ناوچەکە، چونکە لەوانەیە ئەمە هانی گروپە توندڕەوەکان بدات لە عێراق، لەوێنەی ئەلقاعیدە. بەڵام ئیسرائیلیەکان بە بەردەوامی لە شارەکانی باکوری عێراق دەبینرێن، کە وەک پاسەوانی تایبەت و مەشقکار کاردەکەن. ئاشکرانیە کە ئایا ئیش بۆ کۆمپنیا ئاسایشیە نێودەوڵەتیەکان دەکەن یان کاری سەربەخۆ ئەنجام دەدەن.

ماوەیەک بەر لە ئێستا لە پێشانگای بازرگانی لە هەولێر نوێنەری کۆمپانیا تایبەتە ئیسرائیلیەکان بینراون کاتێک بۆ دەرفەتی بازرگانی گەڕاون. هاوکات ئەو ڕاپۆرتەی دوێنێ باس لەوە دەکات کە کۆمپانیا ئیسرائیلیەکان بنکەیان لە ناوچە دوورەدەستەکانی کوردستان داناوە، بە مەبەستی بەکارهێنانی بۆ چەک و مەشقی دژە-تیرۆر هەروەها هێنانی "چەندین مۆتۆرسایکڵ، سەگی بۆنکەر، کەرەستەی تازەکەرەوەی کلاشینکۆف، بەرگ و خودەی سەربازی کە هەموویان لە ئیسرائیل دروستکراون". هەروەها دەڵێت ئیسرائیلیەکان خۆیان وەک تایبەتمەندی کشتوکاڵیی و ئەدازیاریی پیشاندەدەن.

پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە و ئاسایش لە کوردستان لەلایەن چەندین وڵاتەوە ئەنجام دەدرێن، لە ناویاندا تورکیا، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، ئێران و ئەڵمانیا. هاوپەیمانی سەرەکی ئیسرائیل لە ناوچەکە تورکیایە، کە نیگەرانە لە ئەگەری ئەوەی کوردەکان جیابونەوەی خۆیان لە عێراق ڕابگەیەنن. تورکیا وەک ئێران و سوریا، خاوەنی کەمینەی گرنگی کوردن لەنێو دانیشتوانیاندا.

سەرچاوە: The Guardian, **Friday December 2, 2005**
http://www.guardian.co.uk/israel/Story/0,2763,1655993,00.html

---

[I] مایکڵ هاوارد خەڵکی بەریتانیایە و باوکی کورد و دایکی ئینگلیزە. ئێستا وەک پەیامنێری گاردیان لە کوردستان کاردەکات.

[II] بۆ بینینی کورتەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامە ئیسرائیلیەکە بڕوانە:
http://www.ynetnews.com/articles/0,7340,L-3177712,00.html